# ڕۆشنبیرو دەسەلات لە کوردوستاندا

د.کەمال سەید قادر
a7825836@unet.univie.ac.at

لە سەردەمی ئەمڕۆدا کەوا بەهاکان لە پاشەکشێدان وە هەر هەمویان بون بە کالاو کڕینو فرۆشتنیان لە سەرە، جا ویژدان، قەلەم، لەش، بیروباوەڕ، ئایینو ....هتد هەر هەموی هەراج کراوەو دەفرۆشرێ بەو کڕیارەی بەرزترین نرخ پێشکەش دەکات. ڕیالیستەکان دەلێن هیچ سەردەمێک لە مێژوی مرۆڤایەتی لە گەل سەردەمی ئێستا جیاوازی نەبوە بەلکو ژیان هەر هەموی کڕینو فرۆشتن بوە. بەلام لە گەل ئەوەشدا باوەڕناکەم هیچ سەردەمێک وەکو سەردەمی ئێستا زەحمەت بوبێت بۆ کەسانێک کەوا خۆیان لەم گێژاوی کڕینو فرۆشتنە دورخەنەوە. بە تایبەتی ڕۆشنبیر کەوتۆتە ناو گێژاویکەوە بە هەمو هێزێک ڕای دکێێشێتە خوارەوە بۆ جیهانی خۆفرۆشیو کەمیو بێ ویژدانیو درۆ. بە چەندان ڕۆشنبیر لەم گێژاوە نوقم بونو دوا هەناسەیاندا بەلام تا مردنیش هەر خۆ ڕاگر بون. وە چەندن ژمارەی ئەوانەی تر کەوا دەبێ ناو ئەم هەمو گێژاوەشدا بۆ پارچە نانێکی ڕەقی بە کەرامەت دەستی قەلەشتویان بۆ ڕاستو چەپی خۆیان ببەن بۆ ئەم پارچە نانەش دەها جار سەر پەنجەکانیان دەکوترێنەوە. بە دەهاو هەزارانی تریش لە تاریکی زیندانەکان خەون بە دروستبونی مرۆڤی نوێ وە دەبینن، زۆری تریشیان وەکو شەهیدان جەمیل ڕەنجبەرو سەیدا سالح یوسفی تەنها بەخیلیشیان بە بەهاترین شت نەکرد کە مرۆڤ هەیەتی هەتا ژیانی خۆشیان کردە قوربانی ژیانێکی باشتر بۆ میللەتەکەیان.

ڕۆشنیری ڕاستەقینە لە هەر شوێنێکو هەر کاتێک ژیابێ و بژیێ بەرزترین پایەی هەیە لە نێو کۆمەلگای مرۆڤایەتی کەوا بە هیچ جۆرە لە گەل شوێنی بەرزی کاربەدەستێکو تیکنۆکراتێک بەراورد ناکرێت. جیاوازی یەک هەیە لە نێوان پایە بەرزیو پلە بەرزی. بۆ نمونە ئەو کەسەش پلە ی بەرزە کەوا بە زۆر کورسی حوکم داگیر دەکات وەکو دکتاتۆرێک یاخود دەبێتە نۆکەری یەکێکی لە خۆی پلە بەرزتر، بەلام پایە بەرز کەسێک پێ ی دەگات کەوا دەروێشی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی بێت، نمونەی مرۆڤی نوێ بێت، دور لە خۆ پەرستی، ڕقو قینە، چەوسانەوە، درۆ، هەلسوکەوتی نزم، چاوچنۆکی، ترسنۆکیو هتد.
پایە بەرزی بە پێچەوانەی پلە بەرزی واتە پۆستی گەورەو دەولەمەندی کەس ناتوانێ بە زۆر یاخود تەزویر وەری گرێ یا بە میرات بۆی جێ مێنێتەوە چونکە پەیوەندی بە زانستەوە هەیە، زانستیش نە لە ڕێگای دزی و نە لە ڕێگای ئەشکەنجەدانو درۆو هەلخەلەتاندن بە دەست دەهێنرێت وە نە وەکو دەسەلاتیش کەوا لە هەندێک حالەتدا بە میرات جێ دەمێنێت کەسێک دەتوانێ پێ ی بگات.

هەر بۆیەشە دوو بەرەکی یەکی مێژویی هەیە لە نێوان دەسەلاتو ڕۆشنیبردا چونکە خاوەن دەسەلات دەتوانێ لە ڕێگای هێز یاخود پارەوە بە هەمو شتێک بگات تەنها ناتوانێت ببێت بە ڕۆشنبیرو زانست، جا سەیر نی یە کەوا خاوەن دەسەلات هەولدەدات ڕۆشنبیر بکڕێت بیکات بە نۆکەری خۆی تاکو هەست بە کەم بونی خۆی بەرامبەر ڕشنبیر پڕکاتەوە وە ئەگەر نەشیتوانی بیکڕێ ئەوا لە ناوی ببات یاخود بە لای کەمەوە دەربەدەری بکات هەروەکو لە کوردوستان باوە چونکە پایەبەرزی ڕۆشنبیر پێش چاوی خاوەن دەسەلاتی گرتوە جا شوێنەکەی هەرچەندە بەرز بێت. سەیری مێژو بکەن کێن ئەوانەی مێژو لە بیری نەکردون؟ ئایا زاناکانن یاخود خاوەن پارەو دەسەلاتن؟.
کەم کەس هەیە لە جیهان ئەرستۆ نەناسێ کەچی کەس نازانێ لە سەردەمی ئەودا کێ خاوەن دەسەلاتو پارەی زۆر بوە. حاجی قادری کۆیی جار وا بوە کە وشی نەبوە لە پێ ی بکات کەچی ناوی ئەو هەتا هەتایە هەر زیندوە بەلام هیچ شتێک لە سەر خاوەن دەسەلاتو دەولەمەندەکانی ئەو کاتە نازانین. کێ ئەزانێ لە سەردەمی ئەحمەدی خانی

کێ لە بەر دەولەمەندی و دەسەلات زۆر بە ناو بانگ بوە؟ ئیمام غەزالیش مامۆستای بەها ئەخلاقی یەکان، کەوا لە هەمو جیهان ناسراوە تەنها خاوەن کەرێک بوە کەوا کتابەکانی خۆی لێ بارکردوە. ناوی ئەم ماوە کەچی کەس نازانێ کێ ئەو کاتە لە کۆشکە گەورەکانی بەغداو دیمەشق ژیاونو خاوەن سەداها کوێلەو باری زێڕ بونە.

جا دەبێ چی هۆکارێک پال بە مرۆڤێکی ڕۆشنبیری پایە بەرزەوە بنێت لە پایەی خۆی بێتە خوارەوە لە سەر پێ پیلکەیەکی نزم لە بەر پێ ی خاوەن دەسەلاتێک جێ گیر بێت؟
باوەڕناکەم خۆ فرۆشتن هونەرێکی تیا بێت چونکە خۆ فرۆشتن تەنها کارێکە کەوا هەمو مرۆڤێک دەتوانێت بیکات چونکە ئەگەر گریمان مرۆڤێک هەر هیچی نەبێ بیفرۆشێت هەتا جلو بەرگی بەریشی ئەوا دەتوانێت دوو شت بفرۆشێت، یەکەم لە شی وە دووەم ویژدانی چونکە هەمو مرۆڤێک خاوەن لەشو ویژدانە وە هەتا ئەو کەسەی بشیفرۆشێ لە ڕاستیدا نە یفرۆشتوە بەلکو بە کرێ ی داوە . ویژدان فرۆشتنیش جۆری هەیە یەک لەوانە قەلم بە کرێ دانە چونکە قەلەم هۆیەکە بۆ دەربڕینی ویژدان.

ڕاستە هیچ کەسێک پابەند نی یە بەوەی ببێ بە ڕۆشنبیر یاخود ئەگەر بوش بە یەکێک هەردەم بە ڕۆشنبیری بمێنێتەوە بەلام ئەو کەسەی لە ڕێگای بە کرێدانی بەهر ەکەیەوە خاسلەتی ڕۆشنبیری لە دەستدا ئەوا دەبێ قایلیش بێت بەوەی ناونیشانی تکنۆکراتی پێ ببەخشرێ لە جیاتی ڕۆشنبیر.
چونکە سنوری نێوان ڕۆشنبیرو تنکنۆکرات واتە پسپۆر لە بوارێکا سنورێکی دیارە.

## کێ ڕۆشنبیرە

ڕۆشنبیری جۆرە ڕەگەزێک نی یە کەوا مرۆڤ لە گەل لە دایکبونی یەوە خەسلەتەکانی هەلبگرێ بەلکو هەر مرۆڤێک کۆمەلە مەرجێک پڕکاتەوە ئەوا بە ڕۆشنبیر دادەنرێت وە لە گەل لە دەستدانی ئەم مەرجانەش پێناسەی ڕۆشنبیری لە دەست دەدات.
ڕۆشنبیر جگە لەوەی خاوەن بەهرەیەکە کەوا بە شێوەی نوسین، گوتن یاخود نواندن دەری دەبڕێ چەند بەهایەکی تایبەتیش لە خۆی کۆ دەکاتەوە کەوا لە هەمو مرۆڤێکا نابینرێن.
یەکەم خەسلەتی سەرەکی ڕۆشنبیر بیروبۆچونی ڕەخنەگرانەیە لە گەل داهێنانی بیرو ڕەوتی نوێ، تێکەلبونی تەواو لە گەل کۆمەلو کێشەکانی وە دەربڕین بە هەمو شێوەکانی نوسراو بینراو بیستراو گەوەرەتین چەکی یەتی بۆ بەرەو_پێشبردنی کۆمەل. جا لێرە مەرج نی یە ئەم مرۆڤە هەر خوێندەواریش بێت بەلکو گرنگ ئەوەیە کەوا خاوەن پەیامێک بێت وە هەولبدات بیگەیەنێت. پەیامەکەشی ناتوانێ هیچ شتێکی تر بێت جگە لە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی و خەبات لە پێناوی ئازاد کردنی مرۆڤ لە کوێلایەتی و ئیهانەو چەوسانەوە بە هەمو جۆرەکانی یەوە.
بۆیە سەیریش نی یە کەوا ڕۆشنبیری ڕاستەقینە هەردەم لە گەل سیستەمی دکتاتۆریەتو چەوسانەوە لە کێشەدایە.
ڕۆشنبیر هەمو ماندوبونێکی لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی یە نەک تایبەت. بون بە ڕۆشنبیر بە قسەی ئەرستۆ گەیشتنە بە بەرزترین پایەی ئەخلاقی.
هەر ڕۆشنبیرێکیش هەتا ئەگەر خاوەن بەهرەی زۆر بەرزیش بێت ئەوا لە گەل لە دەستدانی خەسلەتو بەهاکانی ڕۆشنبیر پێناسەی ڕۆشنبیریش لە دەست دەدات، دەبێتە تکنۆکراتو پسپۆر یاخود وەستا.
ئەدوارد سەعید لەم بارەیەوە دەلێت ڕۆشنبیر کەسێکە ڕۆلێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ناو کۆمەلدا کەوا کەسێکی پسپۆر ناتوانێ بیگێرێت چونکە ڕۆشنبیر نوێنەرایەتی ئەو بیرو بۆچونانە دەکات کەوا لە نێو کۆمەلگا بەرێکیان بە سەر دادەدرێت.
کەواتە ئەوەی ڕۆشنبیر لە پسپۆر جیا دەکاتەوە ڕۆلی ئەو کەسەیە لە نێو کۆمەلگا.
نوسەری چەپی ئیتالی ئەنتۆ نیۆ گرامچیچ لەم بارەیەوە دەلێت کەوا جیاوازی نێوان ڕۆشنبیرو پسپۆر لە سەر ڕۆلی هەر یەکێکیان لە نێو کۆمەلگا وەستاوە. ڕۆشنبیر هەمو هێزو توانای خۆی بۆ خزمەتی کۆمەلگا تەرخان

دەکات وە چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک ناکات کەچی پسپۆر کەسێکە کەوا بەرامبەر کارەکەی چاوەڕوانی دەسکەوتێکی مادی یە.

کەواتە جیاوازی نێوان نوسەرێکو عەریزە نوسێک، هونەرمەندێکی شێوەکارو وەستای خانویەک، شاعیرێکو چاوەشێک، هونەرمەندێکی نیگارکێشو دارتاشێک کەوا دیمەنی سروشتێک لە سەر دۆلابێک دەکێشێت تەنها ئەوەیە کەوا لایەنێکیان لە خزمەتی کۆمەل بە کارەکەی هەلدەستی ئەوی تریشیان بۆ دەسکەوتی مادی.
لە خەسلەتە گرنگەکەنی تری ڕۆشنبیر بە دوا گەڕانو گوتنی ڕاستی یە. نوسەری ئەمریکی ناعوم چۆمسکی لەم بارەیەوە دەلێت کەوا ڕۆشنبیر دەبێ هەردەم ڕاستی بلێت وە درۆ ئاشکرا بکات و چاو چوقاندنی ڕۆشنبیر لە هەلەو تاوانەکانی دەسەلات دەیکاتە هاوبەش لەم تاوانانە.
بۆیە هەرچەندە ژیانی ڕۆشنبیر لەوانەیە پڕ ماندوبونو مەینەتی بێت بەلام خاوەن دەسەلاتێکی لە ڕادەبەدەرە لە ناو کۆمەلگادا.
جان جاک ڕوسۆ لەم بارەیەوە دەلێ کەوا ئەو کەسانەی کۆنترۆلی بیرکردنەوەی خەلق دەکەن لە ڕاستیدا کۆنترۆلی ژیانیان دەکەن.

جا کە ڕۆشنبیر خاوەنی ئەو پایە بەرزەو ئەم دەسەلاتە گەورە بێ لە نێو کۆمەلدا دەبێ چی هانی بدات کەوا پایەی خۆی بە کورسی یەکی نزم لە سالۆنەکانی دەسەلاتا بگۆڕێتەوە؟
ئەوەی پەیوەندی بە دیاردەی بە بەکرێدانی قەلەمی ڕۆشنبیری کوردەوە هەبێت ئەوا من لەم باوەڕەم کەوا دەستکەوتی مادی واتە پارە گەورەترین هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە چونکە ئەم دیاردەیە لە گەل دیاردەی دەولەمەندبونی هەردو حیزبی سەرەکی لە ڕێگای دزی و گەندەلی یەوە زیادی کردوە، ئەگەرنا بۆ ڕۆشنبیرێک ئیلهام بە یەکێک لە حیزبە بچوکە هەژارە کانی کوردوستان ناگرێت کەوا هەندێکیان ئەوەندە خەباتیان کردوەو قوربانی یان داوە هەتا لێکچونەتەوەو وەکو گلۆلە بچوک بونەتەوە.
واشنەبێ هەردو حیزبی سەرەکی ئەم ڕاستی یە نەزانن بەلکو لە دیدی ئەوان نزیک بونەوەی ڕۆشنبیرێک لێ یان وەکو خۆ بۆ دەستەوەدانی سەربازێکی هێزی بەرامبەر وایە چونکە ڕشنبیرو دەسەلات هەردەم لە جەنگن. خۆ بە دەستەوەدانیش مەرجی تایبەتی خۆی هەیە وە یەکەمیان ئەوەیە کەوا دەبێ ئەو کەسە خۆ بە دەستەوەدانی خۆی بە ئاشکرایی ڕابگەیەنێ وەکو دەست بەرز کردنەوە لە مەیدانی جەنگدا. ڕۆشنبیریش لە جیاتی دەستبەرزکردنەوە دەبێ پێشەکی لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بە سەر شانی فیسکەو فلاندا هەلبلێت وە بە بەردەوامی قەلەمەکەی بکاتە ئامرازی پیا هەلگوتنو شاباش کردن، ئینجا خشەی سەفتەی دۆلاری دزراو دێتو تاپۆی زەوی مۆر دەکرێت ئەمیش هەموی بە یەکجار نا بەلکو لە سەر بناغەی بە کرێ گرتن واتە بە پێ ی ئەو خزمەتەی ئەم ڕۆشنبیرە پێشکەشی ئەم لایەنە سیاسی یەی دەکات. کەواتە هەمو کارەکە بریتی یە لە گرێبەندێکی کاتی وە دەسەلات هەردەم بۆی هەیە خزمەتی ڕۆشنبیری بە کرێ گیراو ڕەتکاتەوە.

لێرەدا ڕۆشنبیر گەورەترین قوربانی هەمیشەیی دەدات لە پێناوی چەند دەستکەوتێکی مادی کاتی. ڕۆشنبیر لە ڕێگای بەکرێ دانی قەلەمەکەی پایەی بەرزی خۆی وەکو ڕۆشنبیر لە نێو کۆمەلدا لە دەستدەدات وە دەبێتە تکنۆکرات. شاعیری وا هەبوە لە کوردوستان لە سەردەمێکا شیعرەکانی کراون بە نوشتە بەلام پاش ئەوەی دەستی لە گەل دەسەلات تێکەل کردوە ئێستا هەرچی بینوسێ جگە لە کۆمەلێک لاشەووشەی ڕازاوە هیچی تر نین، نە گیانیان هەیەو نە پەیام.
ئەوەی بە دەها سال لە نێو کۆمەل بە شەونخونی و قوربانی دان بنیاتیاننا بە هەرزان هەراجیان کرد.
ڕاستە ڕۆشنبیر دەتوانێ هەم لە ڕیزی لایەنێکی سیاسی کاربکاتو هەم بە ڕۆشنبیریش بمێنێتەوە، بەلام بە مەرجێ خاسلەتەکانی ڕۆشنبیر لە دەستنەدات واتە دەبێ لە ناو ڕیزەکانی ئەم لایەنە سیاسی یەش هەر ڕاستگۆیی بمێنێتەوە بە چاوی ڕەخنەوە پێشهاتەکان هەلبەسەنگێنێ، واتە چونە ئەم ڕۆشنبیرە بۆ ڕیزی لایەنێکی سیاسی جگە لە هەنگاوێکی تاکتیکی هیچ تر نی یە بۆ ئەوەی سیاسە ت بکاتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی پەیامی مرۆڤانەی

خۆی. جا من باوەڕناکەم هیچ کامێک لە هەردو حیزبی سەرەکی کوردوستان بەوە قایل بن پارە بدەن بە یەکێک لە ڕیزەکانی خۆیان تاکو ڕەخنەیان لێ بگرێت چونکە هەمان کار ڕۆشنبیرانی دەرەوەی ئەم لایەنە سیاسی یانە بە خۆڕایی دەیکەن.

چەند دلگران بوم بەوەی کەوا لەم ڕۆژانە خەتێکم بە سەر ناوی ڕۆشنبیرێکی ترا داهێنا، ناونیشانەکەم گۆڕی لە ڕۆشنبیرەوە بۆ پسپۆڕو تکنۆکراتو ڕاوێژکار ناوەکەیشم لە بیر چو.